ئەمریکا داوا لە هاوپەیمانی هەرەمی کوردستان دەکات بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن

ئەلینا ڕۆمانۆسکی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، ئەمڕۆ یەکشەممە 15ـی ئەیلوولی 2024 بەبۆنەی ڕۆژی نێودەوڵەتی بە دیموکراسی، لە هێژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەکس پەیامێکی بڵاوکردەوە تێیدا دەڵێت: داوا لە هەموو دەنگدەرانی هەرەمی کوردستان دەکەم کە بە تەواوی بەشداری لە قوکردنەوەی دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا بکەن لە ڕێی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکەی 20ـی تشرینی یەکەمی داهاتوودا.

شایەنی باسە، بەیارە بەمزوانە ناوی کاندیدەکان بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا پەسند بکرێن و دواتر لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە وادەیەک بە دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت.

زانیاری زیاتر...

بەیارە ڕۆژی 20ـی تشرینی یەکەمی 2024 بەسەرپەرشتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە لە نێ ئەندام پێکهاتووە، دەنگدانی گشتی بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامبدرێت دوای چوار جار لە دواخستنی.